# پاریس جۆشدەدات: کتێبی ئارگۆن..و مشتومڕێك دەربارەی ئیسلام

**هاشم صالح**
**و. جەمال پیرە**

دەکرێ بڵێین کە دیارترین رووداوی رووناکبیریی لەسەر ئاستی پاریسدا بەر لەچەند رۆژێك دەرچوونی کتێبێکی زەبەلاحە دەربارەی ئیسلام بەسەرپەرشتی محەمەد ئارگۆن. کە کتێبێکە لە رووی قەبارەوە لە ئینسکلۆپیدیایەك دەچێ چونکە 1200 لاپەڕەی گەورە تێئەپەڕێنێ. لەم کتێبەدا لانیکەم حەفتاوپێنج لێکۆڵەرو پسپۆڕی دیراساتی عەرەبیو ئیسلامی بەشدارییان تیادا کردووەو ئەم ناونیشانەی لەخۆوەگرتووە" مێژووی ئیسلامومسوڵمانان لە فەرەنسا لەسەدەکانی ناوەڕاستەوە تا ئەمڕۆ" بەمەش ئەم کتێبە دیدی فەرەنسییەکان لەماوەی 1300 ساڵی رابردوودا لەبەرامبەر ئیسلامدا لە شەڕی بواتییەی ناوداری 732 تا 2006 دەداتە خوێنەر، خۆشبەختانە لەکاتی ئێستادا ئەم کتێبە دەردەچێت کە کاتێکی پڕ لەهەراوزەنا دەربارەی ئیسلام لەفەرەنساو تەواوی ئەوروپا لەگۆڕێدایە. رەنگە ئەم کتێبە یارمەتی پەرشوبڵاوبوونی وەهمەکان بکاتو گیروگازەکان روونبکاتەوەو شوناسەکان ئەگەر کەمیش بن ئارامیان بکاتەوە، ئاشکراشە کە تەنها هزری زانستی تۆکمەو جیددی دەتوانێ ئەم کارە بەجێبگەیەنێ. هەندێکیان ترسی هەڵگیرسانی شەڕی ئاینییان لە نێوان ئیسلامو مەسیحییەت یا ئیسلامو خۆرئاوای عەلمانیدا هەیە ئەمەش لەدوای لێدوانەکانی "پاپا"و مەسەلەی روپێر رییەی فەیلەسوف یا قەدەغەکردنی شانۆییەك لە ئەلمانیا لەپێناو بریندار نەکردنی هەستی موسوڵمانان ئەمەو ئەگەر قسە لەسەر کاریکاتێرەکانی دانیمارك نەکەین...هتد.

لەوەها کەشێکی بارگاویکراو بە هەڵچونو هەڵچونی دژدا کتێبی ئارگۆنو ژاك لۆغۆفو دەیان لێکۆڵەری تر دێت تاوەکو دەربارەی مەسەلە بنەڕەتییەکان، خاڵ لەسەر پیتەکان دابنێت، بیرمەندی گەورەی جەزائیری لەدوای دەرچوونی کتێبەکەدا بۆ ئاژانسی رۆژنامەگەریی فەرەنسی دواو وتی: ئەمە ئاماژەیەکە بۆ پڕۆژەیەکی تێروتەسەل کە تەنها بۆ باسکردنی پەیوەندییە سیاسییو بازرگانییو سەربازیو رووناکبیرییەکانی نێوان فەرەنساو جیهانی ئیسلامی نییە، بەڵکو تایبەت بە دیراسەکردنی دیدو بۆچوونەکانیشە، مەبەست لەو دیدەیە کە فەرەنسا بەدرێژایی چەندین سەدەو لە پڕ دەرکەوتنی گۆڕانکارییەکاندا دەربارەی ئیسلامو موسوڵمانان دروستیکردووە، واتە مێژووی سایکۆلۆژیی"دەروونی"و رووناکبیرییە بۆ کۆی ئەم پەیوەندییانە، کتێبێکە دەچێتە نێو قوتابخانەی قوتابخانەی خولی ساڵانەی فەرەنسی بە مێژووی عەقلییەتە جیاجیاکانەوە لە مێژووی"ماتەریالیزمەکان" و تەواوکەرەکەی. هەروەك کتێبەکە مەبەستییەتی موسوڵمانان لە دوژمنێکی رەهاوە یا لە کەسێکی تەواو جیاواز لە ئەویترییەوە بیگۆڕێ بۆ هاووڵاتیو مرۆڤێکی وەك ئەو یا هەر مرۆڤێکی تر. ئەمەش ئەوەبوو کە لۆغۆف وتبوی" مێژووی پەیوەندییەکانی نێوان فەرەنسیو موسوڵمانان بەر لەهەر شتێك بە ناکۆکییەکی بنەڕەتییەوە وێناکراوە، وێڕای ئەم دوژمنایەتییە سەرسەختەی فەرەنسا بۆ ئیسلامو موسولمانان، لەسەدەکانی ناوەڕاستەوە تا ئەمڕۆکە فەرەنسا زۆر شتی رووناکبیرییو مرۆییان لە ئیسلامو شارستانییەتەکی وەرگرتووە کە شتانێك بوون ژیانی کۆمەڵایەتییو رووناکبیریی فەرەنسیان دەوڵەمەند کردو تاکو ئێستاش دەوڵەمەندی دەکات. ئەم قسەیەی کە لە زاری گەورەترین مێژوونوسی فەرەنسی هاوچەرخەوە دێتەدەرەوە گرنگییو بایەخێکی زۆری هەیە بەتایبەت لەم بارودۆخە نالەبارەدا، ئێستا کاتی ئەوە هاتووە گەورە بیرمەندان شۆڕببنەوە بۆ گۆڕەپانەکەو ئەو شتانەی کە لە قووڵاییی مێژووییەکانیاندایە روونیبکەنەوەو رێگەی کۆتاییهێنانو دەربازبوون کە رێگەیەکە تاکو ئێستا لەبەردەمماندا درێژە..

ئەمەش لەبەر ئەوەی ئەحکامە نێگەتیڤو پێشینەییو چەسپاوەکان لە عەقلییەتی کۆمەڵیی هەردوولا تا ئێستایش گەورەو ترسناکنو ناکرێ لە شەوورۆژێکدا هەڵبوەشێنرێنەوە.

ئەو بۆچونانەیشی کە عەرەبێك یا موسولمانێك لەبەرامبەر خۆرئاوادا هەیەتی و هەڵگرییەتی تەواو دوژمنانەیە هەروەك دیدی فەرەنسیش بۆ ئیسلام‌و عەرەب " بەقسەی راشکاوانەی لۆغۆف" دوژمنانەیە. لە راستیدا لەمبارەیەوە ئارنست رینان بەرپرسیارییەتێکی گەورە دەگرێتەئەستۆ وەختێ ئەم بیرۆکەیەی بڵاوکردەوە:ئیسلام خۆی دەمارگیرییەکی کوێرانەیە چونکە لەبەرامبەرهەرتوێژینەوەیەکی فەلسەفیی یا کرانەوەیەکی زانستی وعەقلانیدا داخراوە...بەم شێوەیە چاخەکانی دارمانی سەردەمی زێرینە بۆشارستانیەتی عەرەبی ئیسلامی وسڕینەوەی سەرجەم مێژووی ئیسلامە بەتەنها سەرە نووکی قەڵەمێکدا!

ئێستا کاتی ئەوەیە لەم گشتاندنە زۆردارانەیە دەرچین بەڵام ئایا دەکرێ تیایدا دەرچین تاوەکو دۆخی ئیسلامی عەرەبی دواکەوتووبێت‌ولەلایەن چەند باڵێکی تاریکدۆستی دوژمنی هەرە گەورەی شارستانیەتی نوێ تەحەکوم بکرێ؟ ئایا لێدوانی توندڕەوەکان هۆیەك نییە بۆپێدانی میسداقییەتی تەواو بۆقسەکانی ئارنست رینان؟ لێرەدادەبینین کە ئێمە بۆناوچەی سفر گەڕاینەوە ...

هەرچۆنێك بێت محەمەد ئارگۆن لە لێدوانە رۆژنامەییەکان‌و پێشەکی گشتی کتێبەکەدا چۆتە نێو کرۆکی بابەتەکە، وەختێ دەڵێ: بەتەنها ئەوروپای مەسیحی توانیویەتی جڵەوی موبادرەی مێژوویی بگرێتەدەست‌و لەگەڵ مۆدێرنێتەدا دانوسان بکات‌و رووەو ئاشتبوونەوەی نێوان ئایین‌و عەقل هەنگاو بنێ. ئەمەو لەکاتێکدا کە جیهانی ئیسلامی دوورەپەرێزی ئەم بزووتنەوە مێژوویەیە یا بازدانە زانستی‌و فەلسەفییە زەبەلاحەیە کە رووی سەردەمی نوێی گەش کرد.

گرفتی گەورە ئەمەیە کە ئێستاکە ئیسلام لەسەرییەتی رووبەڕوی هەژموونی جیهانگیریی گەردوونی بێتەوە لەکاتێکدا تاکو ئێستاش بە دەستهاتە گەورەیەی مۆدێرنێتەی کلاسیکیدا ئاشنا نەبووە! بەمانایەکی تر هێشتا ئیسلام دەسکەوتە لاهوتی‌و زانستی‌و فەلسەفیی‌و سیاسیی سەردەمی رۆشنگەریی هەرس نەکردووە..چۆن بتوانێ بەجارێك رووبەڕوی جیهانگیریی‌و هەموو ئەوەی کە لەدواییدا دێت ببێتەوە؟ چۆن بۆی دەکرێ ئێستا هەرسی بکات کە نەیتوانیبێ لە رابردوو بگات؟ لەگەڵ ئەمەشدا حاڵی حازر ئەوە داواکارییەکی خێرای خۆرئاوایە لە ئیسلام.

بەڵام شارەزایان بەچوونە ناواخنی مەسەلەکەوە دەزانن کە ئەمە لەو مەدایەدا کارێکی مەحاڵە. لێرەدا کەلێنێکی هاڕاو هەیە جیهانی ئیسلام‌و خۆرئاوای لەیەکتر جیاکردۆتەوە‌و لەکاتی ئێستادا کەس ناتوانێ پڕی بکاتەوە‌و بەر لەدەیان ساڵیش پڕ ناکرێتەوە. ئەم بۆشاییە قووڵە یا کەلێنە هاڕاوەی نێوان لایەنی پێشکەوتوو لایەنی دواکەوتوو خۆیەتی کە هۆکاری تەقینەوە فەندەمێنتاڵی‌و ململانێی روخێنەری ئێستاکەمان بۆ راڤە دەکات، لێرەدا پێویستیمان بە تیۆرەکەی صامۆئیل هانتگتۆن نییە دەربارەی پێکدادانی شارستانییەتەکان تا لەوەی کە رووددەدات حاڵی بین چونکە لەبنەڕەتدا شارستانییەتێك لەلایەنەکەی تردا نییە تا پێکدادانی شارستانییەتەکان رووبدات. بەڵکو بۆشاییەکی ترسناك لە نێوان جیهانی پێشکەوتوو کە گرفتەکانی خۆی چارەسەرکردووە‌و حساباتەکانی لەگەڵ خۆیدا تەسفیەکردووە هەروەها جیهانێکی جیاواز کە تاکو ئێستا لەگەڵ گرفتەکانیدا بێسەروبەرە‌و کە ناژمێردرێن‌و ناگەڕێنەوە..

مەبەست لەم کەلێنە هاڕاوە یاخود بۆشاییە ترسناکە چییە؟ مەبەستەکە ئەمەیە کە جیهانی ئەوروپا لەدوای شۆڕشی فەرەنساوە لەدەست ڕێنمایی پیاوانی ئایینییەوە رزگاری بووە‌و یاسای خواوەند‌و یاساکانی مرۆڤ تێکەڵ ناکات، پیرۆزیی‌و دنیایی تێکەڵ ناکات، ئایین‌و دنیا یا پەرستن‌و مامەڵەکردنەکان تێکەڵ ناکات، بەڵام جیهانی ئیسلامی تاوەکو ئێستاش لەم مەسەلانەدا بێسەروبەرە‌و کاروباری خوایی‌و مرۆیی تێکەڵ دەکات، لەسەرووی ئەمەشەوە جیهانی ئیسلامیی تاکو ئێستاش زیندانی باوەڕی سەدەکانی ناوەڕاستی خۆیەتی کە مۆدێرنێتە لە خۆرئاوادا ئەوەی پەیوەستە بە مەسیحییەتەوە لەماوەی سێ سەدە رابردوودا هەڵیوەشاندۆتەوە، کەواتە چۆن دەکرێ دوو جیهان بگەن بەیەکتری کە کەلێنێکی هاڕاوی لەم شێوەیە جیای کردبنەوە؟ بەوەی کە جیهانی ئیسلامیی ناتوانێ لە رابردوودا تێبگات‌و کەلێنەکە لەماوەیەکی کەمدا پڕ بکاتەوە ئەم ململانێیەی نێوان

**هەردوولا بەردەوام دەبێ چونکە پەیوەستە بەبەها بنچینەییەکانی ژیانی مرۆڤەوە، ئەمە بوو زۆر بەکورتی ئەوەی کە لەقسەکانی ئارگۆندا تێگەیشتمو رەنگە لە راڤەو روونکردنەوەکەیدا سنوورم بەزاندبێ بەڵام بەهەرحال بەرپرسیارییەتی ئەم قسەیەم دەکەوێتە سەر شانی خۆم نەك شانی ئارگۆن، دواتر ناکرێ بە وتارێکی رۆژنامەیی لا لە هەموو لایەنەکانی ئەم کتێبە ئینسایکلۆپیدیاییە زەبەلاحە بکەینەوە کە لەکاتی خۆیدا هاتووە..بەڵکو پێویستی بەدەیان وتار هەیە.**

**رۆژنامەی** الشرق الاوسط

**ژمارە**10182

2006/10/14